# پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چۆن ڕێی دەکرد (لە عەرەفەوە بۆ موزدەلیفە لە ماوەی حەجدا)؟ ووتی: بەشێوەیەکی مامناوەند ڕێی دەکرد، ئەگەر بۆشاییەکی ببینیایە (لە نێو قەرەباڵغیەکەدا) خێرا ڕێی دەکرد (بۆ ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە)

لە عروەی کوڕی زوبەیرەوە دەڵێت: «ئوسامەی کوڕی زەید پرسیاری لێکرا -لە کاتێکدا من دانیشتبووم- : پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- چۆن ڕێی دەکرد (لە عەرەفەوە بۆ موزدەلیفە لە ماوەی حەجدا)؟ ووتی: بەشێوەیەکی مامناوەند ڕێی دەکرد، ئەگەر بۆشاییەکی ببینیایە (لە نێو قەرەباڵغیەکەدا) خێرا ڕێی دەکرد (بۆئەوەی ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە)».

[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

ئوسامەی کوڕی زەید لە پشتی پێغەمبەرەوە بوو -صلى الله عليه وسلم- لەسەر وشترەکەی کاتێک لە عەرەفەوە بەرەو موزدەلیفە دەچوون. بۆیە شارەزاترین کەس بوو سەبارەت بە شێوازی ڕۆیشتنی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- لە عەرەفەوە بەرەو موزدەلیفە بۆیە پرسیاری لێکرا سەبارەت بە شێوازی ڕۆیشتنی، ئەویش ووتی: بەشێوەیەکی مامناوەند ڕێی دەکرد لە نێو قەرەباڵغی خەڵیکدا، بۆئەوەی زیان بە کەس نەگات، ئەگەر بۆشاییەکی ببینیایە (لە نێو قەرەباڵغیەکەدا) کە هیچ کەسێکی لێ نەبووایە خێرا ڕێی دەکرد (بۆئەوەی ئەو شوێنە پڕ بکاتەوە) چونکە لێرەدا هیچ زیانێک بە کەس ناگات.

http://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/4539